کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-4-2007 21:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ بانگەوازی چاک لە یادی قەڵادزێدا ... هێمن میرزا

لە 20-4-2007ڕێکخراوی چاك ڕاگەیاندنێکی نوسیبوو سەبارەت بە قەڵادزی، هەست ئەو کەسەی کە نوسیویەتی بەتەواوی بیئاگا بێت لەداواکاریەکانی خەڵکی قەڵادزی، دیارە دور بەدور نوسراوە لەبەر ئەوەی:

• داوای مۆنۆمێنتی شەهیدانی کردوە بۆ قەڵادزی، لەکاتێکا مۆنۆمێنتی شەهیدان خەریکی تەواو بوونە، دەکرا باسیلەخاڵەکانی دەستەی هاوکاری قەڵادزی کردبا.

• لە باسی شەهیدانی 24-4دا ناوی شەهیدان دایکە ئامینەو سنەوبەری هێناوەو، لەگەڵ ئەواندا ناوی شەهیدان –سید حسن و-محمد گەورەی هیناوە، هەربۆیە خەڵکی قەڵادزی داوای ڕونکردنەوە لەچاك ئەکەن شەهید سیدحسن ومحمد گەورە کێن؟ دەکرا ناوی شەهیدانی قەڵادزی هاتبا وەك-شەهیدان هەردووئەحمەدوحسین جنوبیوشەهیدانی تر، لەوە ئەچی ئەو کەسەی نوسیویەتی شارەزای قەڵادزی نەبی، خەڵکی قەڵادزی نامۆن بەو بەیاننامەیە، چونکە تەعبیری لە واقیع و خواست وشەهیدی قەڵادزی نەکردووە، لەگەڵ ڕیزو ستایشدا بۆسەرجەم شەهیدانی کوردستان، هیوا ئەخوازین چاك بەدڵی گەورەی خۆیان ئەم تیبینیەمان لی وەربگری.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.